# تاڵەبانی و گەندەڵی سیاسی !!

سروە جەبار
srwajabar@yahoo.com

ماوەیەکە یەنك و ڕاگەیاندنی یەنك کەوتوونەتە باس کردنی نە هێشتنی مەسەلەی گەندەڵی لە ناو دام و دەزگا حکومی و حیزبییەکان ، ئەوەی مایەی خۆشحاڵیە کە ئەگەر مەسەلەی نەهێشتنی گەندەڵی لە پێناو مەسەلەی نەهێشتنی گەندەڵی بێت و هیچ ئامانجی دیکەی لە پشت نەبێت ئەوا ، مایەی دەست خۆشیە , بەڵام کە لە وردەکارییەکانی ئەو هەوڵانەی تاڵەبانی ورد دەبیەوە , ڕێك پێچەوانەی ئەو خاڵانەت دێتە پێش چاو , چونکە لە لایەك گەندەڵی زۆر لەوە زیاتر تێکرای دام و دەزگا حیزبی و حکومیەکانی یەنك ی گرتۆتەوە , کە یەنك بتوانێ بەم چەند مانگە لە نێوی ببات . چونکە یەنك و تاڵەبانی هێندە لە ناو گەندەڵی سیاسی , ئەخلاقی , ئیداری دا چەقیوون کە نەك هەر بە هیچ هەوڵێك پەردە پۆش ناکرێ بەڵکە وەك ڕۆژی ڕووناك بە لای خەڵکی کوردستانەوە دیارە . کە تاڵەبانی لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکەی خۆی دەڵی لە وەزیرێکمان پێچاوەتەوە لەبەر ئەوەی زەوی بە ناهەق بە کورە مەسئولێك داوە , باشە تاڵەبانی بیری چوو کە هەر لە پەیوەست بە مەسەلەی زەوییەوە , گەندەڵی تاڵەبانی لەوەدا نیە کە بێ هیچ بیانوویەك 400 پارچە زەوی کۆیەی ڕەنگین دەداتە بەرەی تورکمانی و بەوەش بووە یەکەم کەسی خیانەتکار لە مێژووی کوردا بۆ بە تورکمان کردنی کۆیە !! تاڵەبانی چی لەم گەندەڵیەی خۆی دەکات , کێ هەیە بە دوعاکانی تاڵەبانی بڵێ ئامین !! کە هێرۆ خانی هاوسەری لە گۆڤاری خاك و پاشان لە کەناڵەکانی دیکەی یەنك وتار لەسەر ئەوە دەنووسێ کە خۆی و تاڵەبانی دەستی کەس ماچ ناکەن , تۆ بڵێی ئەو سیدی ڕیسواییەی نەدیتبێ کە مێردەکەی زۆر بە ئاشکرا دەستی سەنعان قەساب ماچ دەکات . تالەبانی چی بەو گەندەڵیە زۆرو زەوەندانەی قوباد و پاڤێلی کوری دەڵێت کە بەلای خەڵکی سلێمانیەوە وەك ڕۆژی ڕووناك دیارن . گەندەڵی سیاسی تاڵەبانی لەوەدایە کە دەیەوێت لە ڕێگەی تەپڵ لێدان بۆ مەسەلەی نەهێشتنی گەندەڵی دیسان تەسفیەی سیاسی ناو یەنك بکات , چونکە هەرچی دەکات ناتوانێ دەرکەوتەیی د. بەرهەم وەك دیپلۆماتێکی سەرکەوتووی کورد ببینێ و دەیەوێ لە ڕێگەی ئەم هەوڵانەیەوە بە خەڵکی بڵێ ئەوە ئیدارەکەی د. بەرهەم بوو کە هێندە گەندەڵی تێدابوو ناچارین لای ببەین . ئەمە ئەو پەری گەندەڵی سیاسیە , کە تاڵەبانی و خەتی عومەر فەتاح وەك دوو سەرکردەی سواوی ناو یەنك دەیانەوێت لە بەرامبەر دەرکەوتنی خۆری کەسانی وەك د. بەرهەم دەستەو وەستان نەوەستن . کێ هەیە ئەوەی بیر نەبێت کە هەموو کەناڵەکانی یەنك بڵاویان کردەوە کە تالەبانی لە ئەنقەرە لە دوایین سەردانی خۆی دا داوەتی وەفدێکی تورکی کرد تاوەکو سەردانی کەرکوك بکەن گوایە بۆ لێکدانەوەی ڕاستیەکان , بەڵام کێ هەیە ئەوەی بیر نەبێت کە لە کاتی گەرانەوەی ئەو وەفدەی تورکەکان , ئەو تورکانە ڕایانگەیاند کە کوردەکان خەریکی بە کوردی کردنی کەرکوکن و خەریکی گۆرینی دیمۆگرافیای کەرکوکن و کوردەکان دەگەرێننەوە کەرکوك , ئەگەر ئەمە گەندەڵی سیاسی نەبێت چیترە . تاڵەبانی چی بەو گەندەڵیە دەڵێت کە وەك ئەوەی فەرید ئەسەسەرد لە کوردستانی نوێ ی ژمارە 3459 ی ڕۆژی دووشەممە ڕێککەوتی 2004/8/30 دا باسی کردووە کە لە نێوان سێ ساڵدا بە تەنیا لە سنوری ئیدارەی سلێمانی 75 هەزار کەس دامەزرێنراون بێ ئەوەی ئیدارەی حکومی پێویستی بەو ژمارە زۆرەی تەعینات هەبووبێت , ئەوەی جێگای مەترسیە هەموو کەسێك لەو تازە دامەزرێنراوانە تەنها شتێك کە بووبێتە هۆی دامەزراندنیان بەعس ئاسا تەزکیەی مەڵبەند و کۆمیتەکانی یەنك بووە, باشە هەقە ئەو پرسیارە بکرێ ئەگەر تاڵەبانی خۆی سەرچاوەی سەرجەم گەندەڵیەکان نیە , ئەگەر خۆی مایەی سەرئێشە و سەرشۆری یەنك نیە , ئەگەر خۆی سەرچاوەی تێکرای نەهامەتیەکانی شەری ناوخۆنیەو ئەگەر خۆی سەرچاوەیەکی تاك و تەنیای خۆسەپاندن و ڕێز نەگرتن لە ئیرادەی کورد نیە , بۆ ئێستا ئالای گوایە شەری

گەندەڵی بەرز کردۆتەوە , باشە دەپرسین تاڵەبانی هەموو ئەو ماوانەی پێشووتر لە کویێ بوو ؟ ئەگەر وەك کارێکی رۆژنامەنووسی لە کوردستانەوە سەرچاوەی گەندەڵیەکانی پاڤیل و قوباد ئاشکرا کران , ئەو کات تاڵەبانی چی دەڵێ ؟ بۆیە وەك کچە کوردێك لە سۆنگەی غەمخۆری بۆ کورد و پێشکەوتنی دۆزی کورد , ئەو هەقە بە خۆم دەدەم کە بلێم تاڵەبانی سەرچاوەی گەندەڵی سیاسی کوردی و لەوێشەوە سەرچاوەی گەندەڵیە ئیداریەکان و کۆمەڵایەتیەکانە , تاکە رێگایەك بۆ دەرباز بوونی کورد و تەنانەت خودی ینك ئەوەیە کە هەرچی زووە خۆیان لە تاڵەبانی رزگار بکەن یان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان دڵنیابن , خەڵکی کوردستان خۆیان و ئێوەش لەو سەرەتان و دوومەڵەی ناو کورد رزگار دەکەن کە چەند دەیەیەکە بە ناوی تاڵەبانیەوە ناسراوە !!!